بەش: زمانی کوردی

کۆلێژ: پەروەردە/ شەقڵاوە

زانکۆ: سەلاحەددین

بابەت : تیۆری ئەدەبی

پەرتووکی کۆرس: ساڵی چوارەم(کۆرسی دووەم)

ناوی مامۆستا: د. سەیوان مەحەمەد تاهیر

پلەی زانستی: مامۆستا

ساڵی خوێندن: ٢٠٢٤- ٢٠٢٥

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | تیۆری ئەدەبی |
| 2. ناوی مامۆستای بەرپرس | سەیوان مەحەمەد تاهیر |

| | |
|---|---|
| 3. بەش/ کۆلێژ | زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردە- شەقڵاوە |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل:saewan.mt@gmail.com<br>ژمارەی تەلەفۆن (بەپێی ئارەزوو):٠٧٥٠٤٦٢٥٩٥٨ |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | سێ کاتژمێر لە هەفتەیەکدا بۆ دوو گرووپ کە دەکاتە شەش کاتژمێری وانە ووتنەوە. |
| 6. ژمارەی کارکردن | ڕۆژی شەممە ودووشەممە و سێشەممە و چوارشەممە لە کاتژمێر ٨:٣٠- ٢:٣٠<br>لە هەفتەیەکدا شەش کاتژمێر وانەوتنەوە وپێنج باسی دەرچوونم لایە. |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | -دبلۆم لە زمان و ئەدەبی کوردی، پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان/ هەولێر(٢٠٠٠-٢٠٠١).<br><br>- بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی، کۆلێژی پەرەردەی زانکۆی سەلاحەدین (٢٠٠٧- ٢٠٠٨).<br><br>- ماستەر لە ئەدەبی کوردی. کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی (٢٠١٣).<br><br>- وەرگرتنی نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/١/٢٢).<br><br>- وەرگرتنی نازناوی زانستی (مامۆستا) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/٤/٢٣)<br><br>*بڵاوکردنەوەی سێ توێژینەوە:<br><br>- شێوەکانی نوستالیژیا لە شیعرەکانی پیرەمێرد و بەدر شاکر سەیابدا٢٠ اردیبهشت ١٣٩٨ هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی (٢٠٢٠) زایینی. گۆڤاری (پژوهشنامه ادبیات کردی، دانشگاه کردستان، سنندج- دوره پنجم- شماره ٧ ١٣٩٨).<br><br>- وطن برساخته در شعر اخوان ثالث و عبدالله پشیو. خرداد١٤٠٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠٢٣زایینی. ( مجله جامعه شناسی فرهنگ و هنر، دانشگاه کردستان، سنندج، تابستان ١٤٠٢).<br><br>- دڵوابەستەیی ژیان لای سافی هیرانی( لە بەر ڕۆشنایی تیۆری ڤیکتۆر فرانکل)،پاییزی ٢٠٢٤ی زایینی، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان. |

| | |
|---|---|
| 9. وشە سەرەکیەکان | شیعری لیریکی+ ئیپیکی+فێرکردن+دراما./ مەرگی نووسەر/ خوێنەر/ هیرمۆنتیکا/ پراکتیکی هیرمۆنتیکا/بوونیاد گەری و پراکتیکی بوونیاد گەری/ نیشانە ناسی/ فیمێنیزم/ پیاو سالاری. |

10. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:
**گرینگی خوێندنی کۆرسەکە**: تیۆری ئەدەب تاکوو ئیستا لە ناوەندی ئەکادیمی و دەرەوەی ئەکادیمی ئەوەندە بایەخی پی نەدراوە. ئەم وانەیە بۆ قوتابیان زۆر گرنگە، چونکە قوتابیان بە سروشتی ئەدەب و پرەنسیپە بنچینەییەکانی ئاشا دەکرێن بۆ ئەوەی لە ئەدەب بگەن. واتە تیۆری ئەدەبی هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکانەی پەیوەندیدارن بەو ڕێگایانەی مرۆڤ دەیەوی لە ئەدەب بگات دەخاتەڕوو.

11. ئامانجەکانی کۆرس
١ .ئەم وانەیە لە ڕووی تیۆرییەوە زۆر گرینگە، چونکە قوتابییە سروشتی ئەدەب ئاشنا دەکرێت.
٢ .فراوانکردنی ئاستی ڕۆشنبیریی قوتابی، ئەویش بە باسکردنی ئەو ڕێگا و پرەنسیپانەی بە هۆیەوە لە ئەدەب دەگەین.
٣ .ئاشنابوونی قوتابیان بە قۆناغەکانی گەشەسەندنی ئەدەب، چونکە لەگەڵ بوونی مرۆڤ ئەدەب هەبووە.
٤ .ئەدەب وەکو بەشێك لە مەعریفەتناسی، پرۆسێسەیەکی فیکری و فەلسەفیە، پێوەندییەکی لەگەڵ کۆی زانستەمرۆڤایەتییەکانی دیکە هەیە.

12. ئەرکەکانی قوتابی
پێویستە قوتابی بە تەواوی پابەندی ڕێنمایی و یاساکانی ناو کۆلێژ و زانکۆ بێت. بەتایبەتی ئامادەبوونیان لە پۆلدا. ئەمەش دەبێتە هەلێک بۆ هێنانەدی دیالۆگ لەسەر بابەتەکانی ئەم کۆرسە. هاوکات قوتابی پێویستە بەردەوام خەریکی خوێندنەوە بێت لەو بوارەدا بەتایبەتی ئەو سەرچاوانەی داومانە پێی. لەلایەکی دەبێ ڕاپۆرت ئامادە بکات تاکو وەکو لایەنی پراکتیکی لەو کۆرسەدا کار بکا.

13. ڕێگەی وانە ووتنەوە
لەم کۆرسەدا هەوڵێ پێرەوکردنی سێستەمی دیالۆگ و گفتوگۆ لەبارەی بابەتەکان دەکرێت. ئەمەیش بە بەکارهێنانی سەبوورە تاکو قوتابیان پتر ڕوونکردنەوە وەرگرن. هاوکات بەکارهێنانی گروپ دایەلۆگ بۆ ئەوەی ئالوگۆڕی بۆچوون هەبێت.

14. سیستەمی هەڵسەنگاندن
لە کۆی ساڵەکە سێ تاقیکردنەوەی قوتابیان دەکرێ، دوو تاقیکردنەوەیان هەر یەکەی لەسەر (١٠)نمرە دەبێ، ئەمە دەکاتە (٢٠) ، (١٠) نمرەش لەسەر سیمینار و ووڕکشۆپ و بەشداری قوتابی لەناو پۆل، (١٠) نمرەش لەسەر نەهاتن، دەکاتە (٤٠) نمرە، لەگەڵ (٦٠) نمرەی کۆتایی کۆرس.

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**
قوتابی بە هۆی ئەم کۆرسەوە بوارێکی کارکردنی بۆ توێژینەوە لە ئەدەبیاتی کوردی بۆ دەڕەخسێت، بەتایبەتی ئەو قوتابیانەی دەیانەوێت چ وەکو نووسەر، چ وەکو توێژەر لە ناوەوە و دەرەوەی زانکۆ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان کار بکات. ئەمەیش سوودی لەسەر هەردوو ئاستی سەرخان و ژێرخانی دەبێت. لەسەر ئاستی ژێرخان ئەگەر توێژینەوەی ڕەخنەیی لەبارەی شیعر ە ڕۆمانی کوردی دەنووسێت. لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوبکاتەوە ئەوا پاداشتی ماددی دەبێت. پرۆسێسەی توێژینەوەکە دەبێتە فراوانکردنی ئاستی ڕۆشنبیریی قوتابی.

**16. لیستی سەرچاوە**

١.پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، بابەک ئەحمەدی، و:مەسعوود بابایی، دەزگای نما، هەولێر.
٢.دەقی ئەدەبی (ئەدگار، چێژ)، فواد ڕەشید، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٣.ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، چارلز بریسلێر، و:عەبدولخالیق یەعقووبی، دەزگای ئارس، ٢٠٠٢.
٤.فەرهەنگ و زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
٥.هونەری شیعر، ئەرستۆ، و:عەزیز گەردی، چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٦. تیۆری ئەدەبی، جاناتان کالر، وەرگێرانی: عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای جەمال عیرفان.
٧. لێکۆڵینەوەی تیۆری ئەدەبی، ڕۆجەر وێبستەر، وەگێرانی: عەتا قەرەداغی، دەزگای جەمال عیرفان.
٨. تیۆری ئەدەبی، تیری ئیگڵتۆن، وەگێرانی: عەتا قەرەداغی، ناوەندی ئەندێشە.
٩.تیۆری کلتوری، دکتۆر حەسەن بەشیرییە، وەرگێرانی مەنسسر تەیفووری، ٢٠٠٧.

١٠.تیۆری ئەدەبی و شێواز ناسی، پیتەر هالبێرگ و ئەوانی تر، وەرگێڕانی ئەنوەر قادرمەحەمەد، کوردۆلۆجی، سلێمانی٢٠١٠.
١١.ڕەخنەی بوونیاد گەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزە کردن، تاهیر عەلی، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١٢. نظريه الادب، رينيه ولک، ترجمه: عادل علامه.
١٣. فی نظريه الادب، شكری عزيز ماضی.
١٤. النظرية الأدبية المعاصرة، رامان سلدن، ترجمه: جابر عصفور.
١٥. نظريه ادبی نقد علمی، رامان سلدن، ترجمه: دكتر جلال سخنور و سيما زمانی، انتشارات پويندگان نور.
١٦. نظريه نقد ادبی، حسين پاينده،
١٧. نظريه های ادبی و نقد، برنا موران، ترجمه: ناصر داواران.

| 17. بابەتەکان | | | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|---|---|
| بابەت | ئامانجی تایبەتی | هەفتەکان | د. سەیوان ،موحەمەد تاهیر<br>هەفتەی سێ کاتژمێر بۆ دوو گرووپ |
| بۆ تیۆری ئەدەبی بخوێنین؟ | ئەو فاکتەر و پاڵنەرانە باس دەکەین، کە دنەمان دەدەن بۆ خوێندنی ئەم بابەتە و ڕۆڵی ئەم بابەتە لە ژیانی ئەکادیمی و ئەدەبیدا. | هەفتەی یەکەم | |
| بابەتەکانی ناو تیۆری ئەدەبی/ مەرگی نووسەر | قوتابی ئاشنا دەبێ بەو پێناسە و لێکدانەوانەی بۆ پێناسەکردنی ئەم بابەتە هەن. | هەفتەی دووەم و سێیەم | |
| خوێنەر | لێرەدا ئەو بۆچوونانە باس دەکەین، کە پێناسەی ئەدەب دەکەن، لە روانگەی جیاوازەوە. | هەفتەی چوارەم | |
| هیرمۆنتیکا | هەموو ئەو بۆچوونانەی پێشینان دیاری دەکەین کە ئەدەبیین دیاری کردوو بە پێی قۆناغەکان. | هەفتەی پێنجەم | |
| هێرمۆنتیکا و پراکتیکی ئەم تیۆرە. | لێرەدا باسی هیرمۆنتیکا و رەگەزەکانی کراوە، | هەفتەی شەشەم | |
| بوونیاد گەری و پراکتیکی ئەم تیۆرە | قوتابیان ئاشنا دەبن بە بۆچوونانەی لەبارەی ئەدەب وەک توێژینەوەیەک لە کولتووری بە کۆی ڕەهەند و لایەنەکانییەوە، باس لە وەزیفەی ئەدەب دەکەین لە ناو ئەدەبیات دا، دواتر ئدوو جۆر ئەدەب باس دەکەین وەکوو بەشێک لە تیۆری ئەدەبی. | هەفتەی حەفتەم و هەشتەم | |
| نیشانە ناسی | هەموو ئەو بۆچوونە فەلسەفیانە دەهێنینەوە، کە باسی شێوە و ناوەڕۆک ونیشنا نە دەکەن. | هەفتەی نۆیەم | |
| زمان، مانا و ڕاڤە. | لێرەدا پێداگری لەسەر زمان دەکەینەوە، کە چۆن لە لێکۆڵینەوەی زمانەوە بۆ مانا و دواتر بۆ ڕاڤەکردن دەچین. زمان ڕاڤە دەکەین بۆ بەرهەمهێنانی مانا. | هەفتەی دەیەم و یازدەم | |
| فیمێنیزم و پیاو سالاری | لێرەدا باس لە هەردوو جۆرەکەی شیعر دەکەین لە رووی تیۆری و مێژووییەوە. | هەفتەی دوانزە و سێزدەهەم | |
| نمونەی پراکتیکی بۆ هەردوو تیۆری فیمێنیزم و پیاو سالاری | باسکردنە لە هونەری فێرکردن و دراما وەک لایەنی تیۆری ئەدەبییەوە. | هەفتەی چواردەهەم و پانزەهەم | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | 18. نییه | | |

19. تاقیکردنەوەکان

1. دارشتن:

پ١/ تیۆری ئەدەبی چییە؟

پ٢/ ڕەهەندە فەلسەفییەکانی تیۆری ئەدەبی چییە؟

پ٣/مێژووی تیۆری ئەدەبی کەیە؟ چۆن توێژینەوەی لێ دەکەین؟

پ٤/مەرگی نووسەر چییە؟

پ٥/ پێوندی نێوان مەرگی نووسەر و رۆلان بارت چۆن دەبینیت؟

پ٦/ هێرمۆتیکا چییە؟

پ٧/رەگەزەکانی هێرمۆنتیکا چییە؟

پ٨/ ئای هێرمۆتیکا دەکرێت بەسەر شیعری کوردیدا جێبەجێ بکرێت؟

پ٩/وەزیفەی فێمێنیزم چییە؟

پ١٠/ نیشان ناسی لە دەقدا چۆن پەیرەو دەکرێت؟

پ١١/ پیاو سالاری کەی درووست بوو؟ ئایا لە ئەدەبی کوردیدا پیاو سالاری بوونی هەیە؟

20. تێبینی تر

21. پێداچوونەوەی هاوەڵ